
# یادەوەریەکانی مەنفا





سەردار عەزیز

## کۆتایی هەفتەیەک بۆ بیرکردنەوە

یەکشەممەبوو.. هێشتا زووبوو بۆ ئەوەی کەس بەدەرەوەبێت. من بە تەنها بە شەقامەکەی تەنیشت سان ستیڤن گرینا دەهاتمەخوارێ. دڵم پڕبوو، حەزم دەکرد شتێ بنووسم، شتێ بنووسم بۆ ئەوەی دڵم بکرێتەوە. پارچە شیعرێ دەربارەی نووسینی سەردیوارەکە، «با بووەستێ شەڕ»، دەربارەی ئەو هاوڕێیانەم کە لەودیوو ئوتێلەکەی، شیلبۆرنەوە، جێمهێشتن بۆ ئەوەی لە نهۆمی دووی باڵەخانە کۆنەکە، لە کۆنفرانسەکەیان بەردەوام بن. ئەوان ئەنارکیستن، من شتێکی لەو بابەتە نیم، من لەم ژیانە کورتەمدا تەنها بۆ جارێکیش نەبووم بە هیچ شتێ، هەرکاتێک بمەوێ ببمە شتێ ئەوا هەست دەکەم من کورتدەبمەوە بۆ یەک شت، کە لەهەمانکاتدا زۆر شتی تر هەیە ئارەزووم بۆی دەڕوا. بەکورتی من رۆحێکی فاوستیانەم هەیە، ئەمەش هەردەم مایەی ئازاربووە بۆم. بەڵام لە هەموو ئەمانە زیاتر بیر لەو دوو کچە دەکەمەوە، کە لە کیشوەرێکی تر دەژین، لە شارێک ناوی سلێمانییە، یەکەمیان ناوی ئاگرەو دووەمیان ناوی سەربانە. یەکەمیان کە ناوی ئاگرە لە ئاو دەچێ، لە رەوانیدا، لە سادەییدا، لە ئاسانیدا، لە پاکیدا، بۆیە هەردەم لەگەڵمدایەو دەیکەمە هەوێنی

هەموو داهێنانێکم. دووەمیان نموونەیە بۆ ئازارەکانی لەزەت و تراژیدیاکانی پەیوەندی.

من هێشتا بە تەنیشت سان ستیڤن گریندا دێمەخوارێ، دەمەوێ وەک بۆدلێر خۆم نوقم کەم لەم پیاسەی بەیانییەدا. هێشتا لە نووسینەکان دەڕوانم، بە دوای کافێیەکدا دەگەڕێم، بۆ ئەوەی ڕۆژەکەمی لێوە دەستپێبکەم، کە جێنێفەر، کچە خرپنە ئەمریکییەکەی خەڵکی لویسیانا، لێی پرسیم؛ ئەمڕۆ چۆن بەسەر دەبەم؟ پێم وت: دەیکەمە ڕۆژێکی پاریسییانە. چەند ساڵێک لەمەوبەر دەمەوبەیانییە زوو لە پاریس، تەنها من بووم لەسەرخۆ دەڕۆیشتم، هەموو کەسێک رایدەکرد. لە ماڵ رایدەکرد بۆ ئیش، لە رابووردوو رایدەکرد بۆ داهاتوو، لە نائومێدییەکان رایدەکرد بۆ فرسەتێ. من دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بۆ یەکجاری پاریسم جێهێشت.

لەگەڵ خۆمدا کتێبێکم پێیە، کتێبێک کە چاپتەری یەکەمی دەربارەی واڵتەر بنیامینە: ئەو پیاوەی لە چیاکانی سنووری ئیسپانیا ڕۆژێ لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە دەستی نازییەکان، خۆیکوشت. لێرەدا لەم کتێبەدا ئەڵێ: دەرئەنجامی نامۆبوونی خۆمانە لە خۆمان کە وامان لێدەکات چێژ لە تەماشاکردنی مەرگی خۆمان وەرگرین. من دوێنێ کە گەشتمە ئێرە لە کتێبخانەیەکی دەستی دوو ئەم کتێبەم کڕی، پاشان ڕۆیشتم لە سەر ئەو کورسییەی کە لە ژێر دارێکدایە لە ترینیتی کۆلیج، دەستم کرد بە خوێندنەوەی، ئەوەندەی نەبرد باران دەستیپێکرد، ئیتر ناچار بووم بڕۆم. کە دەڕۆیشتم بە سەدان خوێندکاری ئیسپانی وەک من بۆ داڵدەیەک دەگەڕان، لە نێو خۆیاندا هاوار هاواریان بوو من هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، تەنها یەک دێڕ لە زمانی ئیسپانی دەزانم، تەیکی یەرۆ، یانی، خۆشم دەوێی.

بە تەنیشت پارکەکەی سان ستیڤن گریندا دێمە خوارێ و بەدوای کافێیەکدا دەگەڕێم، لە سەرەتای گرافتن ستریت کافێیەک هەیە ناوی ئینسۆمنیایە، کە یانی شەونخونی. ڕەنگی دیوارەکەی لە ڕەنگی خوێنی گایە. پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ بیر لەوە دەکەمەوە، ئایا ئۆبزیرڤەرێ بکڕم یان نەء. من لە شارەکەی خۆمان لە باشوور هەموو یەکشەممانێک ئۆبزێرڤەر دەخوێنمەوە. ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنمەوە نەک بۆ ئەوەی دڵی مامۆستای مافی مرۆڤ شیمەس ئۆتۆمە رازیکەم، بەڵکو لەبەر ئەوەی شایەنی خوێندنەوەیە. تۆماس مەکارثی-ش ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە، هەروەها کێڤن دۆیڵیش جار جارێ.

پێش ئەوەی بگەمە کافێکە کلۆدام بینی، بەدەم یەکترەوە وەستاین. دەمێکبوو یەکترمان نەدیبوو. لە دوای ئەو شەوەی لە برۆکسل کە من ئەوم بە سەرخۆشی بە کۆڵانە تەسکەکانی ئەو شارە بێزارەدا بردەوە بۆ ئوتێلەکە. خەریکم هەندێ جل دەکڕم، لەم ڕۆژانەدا دەڕۆم بۆ ئەرجەنتین، کلۆدا وای وت و ڕۆی. لە کافێکە کچە جوانەکە لێی پرسیم چیم دەوێ؟ وتم: قاوە. لەوێدا پۆست کاردێک هەبوو لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتوو بە دوای مێزێکدا گەڕام. قاوەکەم بە تاڵی خواردو بیرم لە دوو کچەکەی هاوڕێم لە سلێمانی کردەوە.

دۆبلن
من و کورسییەک و مـێزێک
کافێیەکی نیوە چۆڵ
قاوەیەکی ساردبووەوە
بەیانیی ڕۆژێکی بێدەنگ
شاری دۆبلن
تەنیا تەنیا دانیشتووم
بیر لە ئێوە دەکەمەوە
یەکێکتان رووت ئەویترتان بە جلەوە.

## لە سادە کەوتنی سادەیی!

ئەگەر ئەرکی فەلسەفە لە سادەخستنی سادەییە، وەک لیڤیناس بڕوای وایە، ئەوا مەنفا هەموو سادەیەک لە سادەیی دەخات. مەنفا مەرگی ئاشنایەتییە. ئەگەر فەیلەسوف لە ماڵی خۆیدا بە ئارەزووی خۆی بیردەکاتەوە، ئەوا مەنفا ناچاربوونە بە بیرکردنەوە. مەنفا جێگایەکی تر نییە بەڵکو پەڕینەوەیەکی بەردەوامە لە دونیایەکەوە بۆ دونیایەکی تر. مەنفا

سنووره، له نێوان دەرەوەو ناوەوەدا نە، له نێوان تۆ و ئەوی ترا نە، بەڵکو له نێوان خۆت و خۆتدا. له ماڵ: ڕوومەتەکان بە چاوت ئاشنان، دەنگەکان بە گوێت. له خەو هەڵدەستی بۆ درێژەدان بە ڕۆژێکی تری ئاسایی. له مەنفا هەموو لەخەو هەستانێ، لەخەو هەستانێکی گریگۆری سامسایانەیە، ئەو پیاوەی بەیانییەک کە لە خەو هەستا پاش خەونێکی ناخۆش، هەستیکرد بووەتە بوونەوەرێکی تر. ئەگەرچی تۆ لە جەستەدا نابیتە بوونەوەرێکی تر، بەڵام لای ئەوان تۆ بوونەوەرێکی تری.

پێش نووستن، وەک چۆن بۆ منداڵ حیکایەتی خۆش دەگێڕنەوە، تۆش بیر له ماڵ دەکەیتەوە، بەڵام هەمان هەست کە مارسێل پرۆستی دادەگرت تۆش دادەگرێ. پرۆست لە بەشی یەکەمی ڕۆمانی گەڕان بەدوای کاتی لەدەستچوودا، دەڵێ: سەردەمانێک زوو دەچوومە جێگاوە. مۆمەکەم هێشتا نەکوژابووەوە، هەر خێرا چاوەکانم لێک دەناو کاتم نەبوو بە خۆم بڵێم "من دەنووم"، دەنووستم. هەر پاش نیو سەعات، ئەو بیرانەی وایان لێکردم بنووم بە خەبەریان دەهێنام. تۆش وا هەستدەکەی لە ماڵ بووی، لە تەنیشت دایکتەوە دانیشتبووی بەسەرهاتی خۆتت دەگێڕایەوە. خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون گوێیان لێ دەگرتی. هەر زوو هەست بەو تراژیدیایە دەکەی؛ لەوێ کە ئامادەبوون گوێت لێ بگرن تۆ نەتدەتوانی قسە بکەی، لێرە کە دەتوانی قسە بکەی کەس نییە گوێت لێ بگرێ.

کە لە ژوانێکدا لێت دەپرسن، کەی دەگەڕێیتەوە؟ ئەوان وا دەزانن پرسیارێکی سادەیان لێ کردووی، بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێ ئەو پرسیارە لە خۆت دەکەیت و وەڵامەکەیت پێ نییە. سەیر ئەوەیە وەڵام دەدەیتەوە، جارێک دەڵێی: ناتوانم بگەڕێمەوە. جارێکی تر: هەرکاتێ بۆم گونجا. هەندێ جاریش دەڵێی: بەم زووانە. هەرچەندە تۆ ڕاستی ناڵێی، بەڵام درۆش ناکەی، تۆ هەرجارەو بیرێکی جیاوازت هەیە، هیچ شتێ لە ژیانی تۆدا جێگیر نییە، چونکە تۆ لەوانی تر ناچی، ناچاری لە دووتوێی کتێبەکاندا بە دوای هاوەڵێکدا بگەڕێی. بەدوای گەڕانێکی سەختدا، هەموو کەسێ پێت دەڵێ، ئەمە ڕێگای منە دوام مەکەوە. بۆیە هەندێ جار حەز دەکەی هەموو ئۆدیسە بە گۆرانی بڵێی.

## نووستن لەژێر ئاسمانێ شینا: لە کیسەخەوێ شینا

کە لە ماڵ دەڕۆی، ئیتر دەبیتە ئەو بوونەوەرەی کە لە نێوان ئاسمان و زەویدا بۆ مەنزڵێ ڕادەمێنێی. تۆ چی تر، وەک زیمیل دەڵێ: دووری لەوانەی کە لێتەوە نزیکن، نزیکی لەوانەی کە لێتەوە دوورن. ئەو پاش نیوەڕۆیە کە چاوت کردەوە، دونیا شێوازێکی تر بوو. بەردێ سەرینت بوو، ئاسمانێکی شینیش بەسەر سەرتەوە. لە دوورەوە ئاوێک، وەک ئاوی حیکایەتەکانی منداڵی لە ژێر خۆردا دەبریسکایەوە. هەموو شتێ لە بێدەنگیدا نووقم بوو، جارجارێ لە دوورەوە لە دەشتاییەکەدا، شەمەندەفەرێکت دەبینی تێدەپەڕی. حەزت دەکرد بتبات بۆ ئەسینا. تۆ یەکەم کەس و دواین کەس نیت بەم خاکی یۆنانەدا تێدەپەڕی. ئەسینایییەکان وشەی بەربەرییان داهێنا، تۆ ئێستا بەربەرییەکی نوێی. یەکێک لەوانەی کە واڵتەر بنیامین دڵی پێی خۆشە. بنیامین دەڵێ: تاڵیی ژیان وا لە بەربەری دەکات، سەرلەنوێ دەستپێبکات، ژیانێکی نوێ دەستپێبکات. بۆیە لای ئەو هیچ هەتا هەتایی نییە. لەبەر ئەمەش ئەو ڕێگا لە هەموو شوێنێکدا دەبینێ، لەکاتێکدا ئەوانی تر چیاو دیوارەکان دەبینن ئەو لەوێشدا ڕێگا دەبینێ. تۆ دەڕۆیت و بەدوای مەنزڵێکدا وێڵی. شارەکان جێدەهێڵی و هیچ گوێ بە یادەوەرییەکانت نادەی. لە ویستگەی شەمەندەفەرەکاندا دەنویت و ڕۆژی دوایی دەڕۆیت و ئاوڕیشی لێ نادەیتەوە. بۆ تۆ چی دی جێگایەکی تایبەت نییە، بۆ تۆ هەموو جێگایەک وەک یەکە.

## بۆ تۆ ئەی تەنها هاوڕێکەم: پێسەوا

ناوت لە پاڵەوانی ڕۆمانێکی مارکیز دەچێ؛

فیرناندۆ ئەنتۆنیۆ نوگیورا پێسەوا. وەک خۆت دەڵێی ئەگەر کەسێ بیەوێت ژیانت بنووسێتەوە ئاسانە؛ تۆ تەنها دوو بەروار لە ژیانتدا هەیە، ئەو ڕۆژەی کە هاتیتە دونیاوەو ئەو ڕۆژەی کە جێتهێشت. لە لشبۆنە لەدایک بووی، ئەو شارەی کە تۆ دەڵێی هەر بۆ ئەوە باشە تیایدا خەمناک بیت. دەمێکە من بیر لەوە دەکەمەوە سەرێ لەوێ بدەم. دەڵێن لە قاوەخانەیەکی بچکۆلە کە ناوی بەرازیلە، پەیکەرێکی تۆ هەیە، هەموو جارێ بیر لەوە دەکەمەوە بێم و قاوەیە لە سایەیدا بخۆمەوە. بەڵام تۆ تەنها یەک کەس نیت. تۆ لەهەمانکاتدا خۆتیت و ئەلڤێرۆ کەیەرۆ و ئەلڤارۆ دۆس کامپۆس و هەروەها ڕێکاردۆ رایس. چەند ساڵێ لەمەوبەر کە "ساڵی مردنەکەی ریکاردۆ رایس"ی ساراماگۆم دەخوێندەوە، کچێ کاتەلانی هاوڕێم بوو، ئەویش تۆی خۆش دەویست. ریکاردۆ رایس بەبێ زانیاریی تۆ لەدایکبوو. هەرکەسێ تۆ بناسێ کۆتایی یەکەم هەفتەی مانگی ئازاری ساڵی جەنگی مەزن بە لەدایکبوونی تۆ دادەنێ. لەو ڕۆژەدا لە ژوورەکەتدا ڕۆشتیتە سەر دۆلابێ بەرز، هەندێ پەڕە کاغەزت هێنا و هەر بە پێوە، وەک هەموو جارێ، دەستت کرد بە نووسین. بەبێ وەستان سی پارچە شیعرت نووسی، وەک خۆت دەڵێی جۆرە لەزەتێکە نازانی چۆن باسیکەیت. ئەوە خۆشترین ڕۆژی ژیانت بوو، بڕواشت وابوو ڕۆژێکی تری وا نابێتەوە. شیعرەکانت ناونا شوانی مەڕ، بەڵام ئەوانە خۆت نەتنووسین ئەلبێرتۆ کەیەرۆ نووسینی، ئاغاکەت، وەک خۆت دەڵێی. تۆ لەو شیعرەدا دەڵێی: "من هەرگیز لە ژیانمدا مەڕم بەخێو نەکردووە، بەڵام لەوە دەچێ کردبێتم. ڕۆحم لە شوان دەچێ. بە خۆرو با ئاشنایە. دەست لەناو دەست لەگەڵ وەرزەکاندا دەڕوات و تێڕادەمێنێ".

ئەی تەنها هاوڕێکەم، تۆ ژوورێکی بچکۆلەت هەبوو، پەنجەرەیەکی تیابوو پەردەی نەبوو، لەوێوە دەتنواڕییە ژنە پورتوگالییەکان کە بە کۆڵانە تەسکە بەردینەکاندا تێدەپەڕین. دەڵێن ئافرەتی وڵاتەکەت لەشیان پڕە لە توک، ببوورە هاوڕێم من تا ئێستا لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی وڵاتەکەتدا نەنووستوم. کاری وەرگێڕانت دەکرد، هەروەها منیش، زمانی ئینگلیزیت خۆشدەویست هەروەها منیش. بەڵام من و تۆ لە یەک شتدا لەیەک ناچین؛ تۆ حەزت لە بیرکردنەوە نەبوو، دەتووت وەک ئەوە وایە لەژێر باراندا ڕێ بکەی. بەڵام ڕۆشتن لەژێر باراندا لەگەڵ ئافرەتدا خۆشە. بیرکردنەوە بۆ خۆی ئافرەتە؛ پڕە لە ئازار، پڕە لە لەزەت. بەڵام تۆ عەشقی تەنیایی بووی، جگە لەوە لە ژیاندا ئارەزووی هیچت نەدەکرد، بۆ تۆ شیعرنووسین ڕێگایەک بوو بۆ بەتەنیا مانەوە. لێم ببوورە هاوڕێم من کوفری وا ناکەم بڵێم تۆ ئاشنای ئازار نەبووی، تۆ خۆت دەڵێی، تۆ و تەنها خۆت دەزانن، چەندێک پڕ لە ئازارە ئەو دڵەی کە هیچ بڕواو یاساو میلۆدی و بیرێکی تیا نییە. نازانی چۆن باسی بکەیت، چونکە زۆر بەسادەیی ئەوە هەستە، هەستیش وەک ئاسمان وایە، دەبینرێت و لەهەمانکاتدا هیچی تیا نییە ببینرێت. هاوڕێم، کە تەنها دەبم دەتخوێنمەوە، خۆت دەزانی تەنیاییترین کاتم ئەو کاتەیە کە لەگەڵ ئەوانی تردام، کە بەرێگادا دەڕۆم بە گۆرانی دەتلێم.

## دەربارەی ماڵێک لە غەریبستان

لە حەوشە بچکۆلەکەی پشتەوە تەنافێکمان هەیە، جل و خەمی پیا هەڵدەواسین. لە چێشتخانەکەماندا ئێواران؛ برنج و یادەوەری لێ دەنێین. لەسەر مێزێکی بچکۆلە بە پیازو تەنیاییەوە دەیخۆین. دەکرێ ئەم ماڵە لە هەر شوێنێک بێت. ئەوە تەنیا ماڵەکەیە لە شوێنێکە نەک ئێمە. دەکرێت لە جێگایەک بێت، هەردەم لە خوا بپارێیتەوە خۆر دەرکەوێ هەتا تۆزێ جلەکان و خەمەکان وشک بنەوە. ئەم ماڵە لە هەرکوێ بێت وەکو یەکە. لە هەرکوێ بێت قادرمەیەکی تیایە، لە کۆتاییەکەیدا ژوورەکەی منە. ژوورێ، زەمانێ تەنیا پەنجەرەیەکم هەبوو بەرەو ئاسمان. ئێوارانیش سێبەری دار کەستەناکە دەکەوتە سەری. دار کەستەناکەش ماڵی باڵندەیەکی خەمبار بوو، کە شەوان دەهات و گۆرانیی بۆ تەنیایی دەوت. لەو پەنجەرەوە، قەتارەکانم دەبینی، ژنە تەنیا

خەمبارەکانیان دەبرد بۆ بەندەرەکە و پەنابەرە ڕەشپێستەکانیان دەهێنا بۆ شار. ژوورەکەی من لە تەختەبوو، هەر هێندێکیش لە تابووتێ گەورەتر بوو. لەودیو پەنجەرەکەوە لە دوورەوەش مانگاکان لە بێدەنگیدا دەلەوەڕان. لەمدیو پەنجەرەکەشەوە، من و مێزێ تەختەو شوشەیەک مەرەکەب و کتێبێکی فێربوونی زمان. غەریبستان زمانێکی تری هەیە، کە من ناتوانم گۆرانیی پێ بڵێم.

## چون بۆ شار لەگەڵ بیکێتدا

کە لە پردە بەردینەکەی سان پاتریک دەپەڕیتەوە، لەژێر ئاسمانێکی وەک قژی من خۆڵەمێشیدا، ماڵێ ڕەنگ شین بەلوتتدا دەتەقێ، لەو ماڵەدا لە نهۆمی دووەم من و بیکێت، هەر یەکەو ژوورێکمان هەیە. ژوورێک بۆ من لە ڕۆژهەڵات، ژوورێک بۆ ئەوە لە خۆرنشین.

بیکێت دێیت بڕۆین بۆ شار؟

نازانم!

نازانم یانی ئا.. یان نا؟

هیچ کامیان، هەردووکیان!

من دەمەوێ بزانم دێیت یان نەء؟

ڕەنگە!

ڕەنگە بێیت یان نەء؟

نازانم!

بیکێت، پیاوێکە هێندە درێژ، هەرگیز لە وێنەدا پێڵاوەکانی دەرناچێ. روومەتێکی هەیە پڕ لە هێڵ، وەک قوڕی قەراخ سیروان لە هاویندا، وەک دەفتەری قاچاخچی لە سەفەردا. بیکێت لە توخمی شەمشەمەکوێرەیە، لە تاریکیدا هەست بە ئازادی دەکات و لە شەقەی باڵ دەدات، لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا دەنوێ. پار کە هات، باران بوو، وەک هەموو ڕۆژەکانی تری ئەم بەندەرە. بە پیرەژنە دەرگاوانەکەی وت، من خەڵکی دۆبلنم، لە پاریسەوە هاتووم، دەمەوێ ساڵێک لێرە بمێنمەوە، پاشان دەڕۆم بۆ ڤێنس، چەند مانگێک لە نزیک پارکەکەی سانت مارکەوە ژوورێک دەگرم، ژوورێک لە پەنجەرەکەیەوە سەعاتە پیرەکە دیاربێت، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێک بیبینم، چەند بێمانایە کات، چەند بێهودەیە بەردەوامی. لەوێ خۆم فێری زمانی ئیتالی دەکەم. "من و تۆ لە نیوەی ئەم دووریانەدا چی دی چارەنووسمان پێکەوەیە، وەئاگا هاتم و خۆم لە دارستانێکی تاریکدا بینییەوە، جێگایەک کە ڕێگای راست تیایدا بۆ هەتا هەتایە ون بووبوو. ئای من". ئەوە دێڕە سەرەتاکانی ئینفێرنۆیە*، من دەڕۆم لەوێ بۆ ئەوەی دانتی بخوێنمەوە.

ئینفێرنۆ: داستانە بەناوبانگەکەی دانتی ئەلاگیریە، دۆزەخ.

## کۆتجێ لە کەنەمارا*

لێرەوەڕا زەریای ئەتڵەسییە، ئەم کۆتجە لە بێدەنگیدا نوقمە؛ دراوسێی بەردەو هاوڕێی با. من دوێنێ گەیشتمە ئێرە، دەنگی ئافرەتێک لە پاریسەوە پێم دەڵێ: "شەوان لەوێ مەمێنەرەوەو ڕەنگەکانیش تێکەڵ مەکە". لەبەردەم ئەم کۆتجەدا بەردەڵانێک هەیە، لەناویدا گیا هەموو شوێنێکی گرتووە، ئەم گیایانە گەڵاکانیان باریکن و شەوانە ئاونگێکی زۆر لەخۆ دەگرن. گیا و گەڵاکانی، قەسیدەکەی ویتمانم بیردەخاتەوە. واڵت ویتمان پیاوێک بوو ردێن سپی، لە پشت ئەم زەریایەوە، لە سەرزەمینێک دەژیا کە پێی دەڵێن ئەمەریکا.

دوو سەدە لەمەوپێش کە پەتاتە نەخۆش کەوت، (تابلۆکەی ڤان کوخ بێنەرەوە یادی خۆت، پەتاتە خۆرەکان)، خەڵکێکی زۆر لە برساندا مردن، ئەوانەی وەنەوزێکیان تیا مابوو، سواری پشتی گەمێیەک بوون، ڕۆیشتن هەر ڕۆیشتن، خۆیان و سکێکی برسی و خەونێکی کۆڵۆمبسیانە، لە پشتیشتانەوە وڵاتێک کە لەژێر پۆستاڵی سەربازە ئینگلیزەکاندا خوێنی لێ دەچۆڕا، هەر ڕۆیشتن تا گەیشتنە شارێکی گەورە کە پێی دەڵێن بۆستن.

من لێرەم بۆ ئەوەی ئەم ماڵە بۆیاخکەم، دەنگە دوورەکە پێم دەڵێ: "ئەوە نزیکەی سەدەیەکە کەس لەوێدا نەژیاوە، ئاگات لە تەونی جاڵجاڵۆکەکان بێت". ئەم کۆتجە کتێبێکە، لە لاپەڕەکانیدا گۆرانییەکانی شەڕ

نووسراوە؛ شەڕ دژی براکان، شەڕ دژی دوژمنەکان. ژنەکە کە دەنگی لە دوورەوە دێ لە باڵوێزخانەی وڵاتی ئایرلەندا ئیش دەکات، ڕۆژانێکی زۆری لە بەغدا بەسەر بردووەو زەمەنێکیش لە بەیروت. کە باسی مێژووم بۆ دەکات جار جارێ نینۆکە هێشتا تیژەکانی شارەزایانە دەخاتە برینە سارێژ نەبووەکانی جەستەمەوە. من دەبێ ئەم کۆتجە بخوێنمەوە، پاشان ڕەنگی بگۆڕم، ئینجا بڕۆم لەسەر تاشەبەردێک لە بەر زەریادا دانیشم گۆرانییەک بۆ خۆم و یەکێکی تر بۆ ناخودا ویسکی خۆرەکان بڵێم.

* کۆتج: ماڵێکی شێوە تایبەتە بە زۆری لە دەرەوەی شارەکاندایە.
* کەنەمارا: ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئایرلەندا.

## بۆ مەرگی جاک درێدا

لەژێر چێشتخانە یابانییەکەوە، کە سوشی خۆشیان هەیە، هۆڵێکی سینەمایی بچکۆلە هەیە؛ پێی دەڵێن تریسکڵ. تریسکڵ، کورسییەکانی ڕەق و کۆنن، ئەو فیلمانە پێشان دەدات کە زۆرکەم خەڵک دەیانەوێت ببینن.

دوو ساڵ لەمەوپێش، ئەو کاتە درێدا تەمەنی تەنها حەفتاو دوو ساڵ بوو، لە کچێکی بچکۆلەی خەڵکی کۆپنهاگنەوە ئیمەیڵێکم بۆ هات، "فیلمێک دێت دەربارەی ژیانی درێدا، چاوی بۆ بگێڕە، شایستەی بینینە". کچەکە ناوی ئانیا-یە؛ لە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی پیتەر هۆگ دەچێ کە ناوی؛ سمێلا خان هەست بە بەفر دەکات. پیتەر هۆگ، خۆی خەڵکی کۆپینهاگنەو ڕۆمانەکەش دەربارەی ژنێکی گرینلاندییە لەو شارەدا. کۆپینهاگن لە مانگی دیسەمبەردا کە تاریکی تیایدا وەک ئاسمان بێکۆتاییەو هەموو شتێ تیا دەیبەستێ.

فیلمە بایوگرفییەکەی درێدا لە تریسکڵ پێشاندرا. پۆستەرەکەی وێنەیەک بوو سەرنجڕاکێش، پیاوێک قژ ئێجگار سپی، پایپێکی بە لادەمەوەیەو پۆز بۆ کامیراکە لێدەدا. هەرچەندە درێدا بێزارە لە وێنەی خۆی، بەڵام من بەلامەوە جوان بوو، ئایا جوان بوو چونکە درێدا بوو؟ ئەو دەڵێ بۆ ساڵانێکی زۆر بەرگریم لەوە کرد کە وێنەم بڵاوبەنبێتەوە، چونکە یەکەم؛ کێشەیەکی ئایدیۆلۆژیم هەبوو لەگەڵ وێنەداو دووەم؛ خۆم و لاشەم ئەوەندە لە پەیوەندییەکی باشدا نین.

فیلمەکە بە گرتەیەکی پانۆرامایانەی شاری پاریس دەستپێدەکات. ئەو شارەی، زوو زوو پۆست کارتی جوانم لێوە بۆ دێ، (پۆست کارت؛ لە سۆکراتەوە بۆ فرۆید، ناونیشانی کتێبێکی درێدایە کە ساڵی هەشتا نووسیویەتی)، چونکە هێندەی پەنجەکانی دەستم کچی جوانی تیا دەناسم. درێدا جولەکەیە، وەک کامۆ، لە جەزائیری سەر بە فەڕەنسای حەفتاو چوار ساڵ لەمەوپێش هاتە دونیاوە. ڕۆژانێک لەبەر جولەکەبوونی لە قوتابخانە دەرکرا. بەڵام ئەو پیاوێکی ئایندار نییە، بۆیە فاروق ڕەفیق خۆشی ناوێ. درێدا دەڵێ؛ لە سیناگوگ (شوێنی نوێژی جولەکان) تەنها حەزم لە گۆرانییەکان بوو، بەڵام هەردەم ئاینم بە ماهیەتێک داناوە کە بیرکردنەوە تیا ونە، دووبارەکردنەوەیەکی کوێرانەیە. کە گەورەبوو نیتچەی خوێندەوە، پاشان ڕۆسۆ، ئەو هەرچەندە باش لێیان تێنەدەگەی، بەڵام لەوە دڵنیابوو کە دژ بەیەکن، بۆیە بەلایەوە گران بوو هەردووکیان لە خۆیدا جێبکاتەوە.

پێش فیلمەکە بیرم لەوە دەکردەوە، دەبێ ژیانی فەیلەسوف چی بێت بۆ ئەوەی شایانی ئەوە بێت بکرێتە فیلم؟ درێدا ڕەبەن نییە وەک کانت و دیکارت، ژیانیشی بێ ڕووداو نییە، ئەو پیاوێکی تا بڵێی چالاک بوو. چالاک بوو لە بەرگریکردن لە بیانیان، لە دژایەتیکردنی ئاپارتاید. لە فیلمەکەدا سەفەرێک هەیە بۆ ئەفریقای باشوور بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو شوێنەی کە ماندیلای تیا بەندبوو، هەروەها قسەکردن لە زانکۆی جوهانسبرگ دەربارەی لێبووردن.

کە لە درێدا دەپرسن چۆن نووسینەکانی فەیلەسوفێک لە ژیانی جیا دەکرێتەوە؟ ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: نازانم ئایا دەتوانرێ جیابکرێتەوە، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە لە سۆکراتەوە بۆ هایدگەر کەس بە زمانی 'من' قسەی نەکردووە، ئەوان هەردەم هەوڵی ئەوەیان داوە کە ژیانی تاکە کەسییان

به پەراوێزبکەن و  وای دابنێن ڕێکەوتە. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بووە بیرکردنەوەیان بووە.

دریدا لە چل کتێب زیاتری نووسیوە، لە کتێبخانەکەیدا لە ماڵەکەیان لە پاریس لێی دەپرسن ئایا ئەم هەموو کتێبەی کە هەتە خوێندوتەتەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ، نەخێر... تەنها چواریانم خوێندووەتەوە، بەڵام زۆر بە وردی. با منیش دانی پیا بنێم، تۆ مردی، بەڵام ئەوە زەمانێکە من پێنج کتێبی تۆم هەیە هیچ کامیانم نەخوێندووەتەوە بە تەواوی. دواین کتێب ناوی سیاسەتی هاوڕێیەتییە، بە دێڕێک دەستپێدەکات سەرم لێی دەرناچێ: 'ئەی هاوڕێکەم، هاوڕێتی نییە'. لە زانکۆ گەلێک کتێبی تۆ هەن، هەموو جارێک لە بەشی فەلسەفەدا ئەمدیو و دیویان دەکەم و بە خۆم دەڵێم ڕۆژێک دێت بیانخوێنمەوە. بەڵام بڕیار بێت ئەو کتێبەی لەگەڵ ڤاتیمۆدا نووسیوتانە دەربارەی ئاین بیخوێنمەوە.

پاش تۆ من نامۆم بە قسەکانی خۆم، دڵنیا نیم ئایا وشەکان من دەڵێن یان من وشەکان دەڵێم. لە دوای تۆ من نازانم دەق لە چییەوە  دەستپێدەکات و لە چییەوە کۆتایی دێت. چی دەقەو چی دەق نییە. تۆ جارێکیان لە چێشتخانەیەک لە نیۆیۆرک هاوارت دەکرد: ئەم مێزی دانیشتنەش دەقە. تۆ هەموو جارێک بەدەست ئەوەوە دەتناڵاند کە ئەوانی تر خراپ لێت تێگەیشتوون، تۆ نهیلیست نیت، ئەی خراپ لێتێگەیشتن نییە نەمری مسۆگەر دەکات، وەک ئۆسکار وایڵد جارێکیان وتی. نەمری؛ تۆ پێت وتین، ئەگەر کەسێ بڵێ من، ئەوا لەهەمانکاتدا پێمان دەڵێ؛ من زیندووم، من نەمردووم. بەڵام تۆ و شێتەکانی تری پاریس (فۆکۆو دۆلۆزو تادوایی) پێتان وتین، ئەو سیستەمەی کە هەیە لە توانایدا نییە ئاشتی و خۆشگوزەرانی بێنێت.

ئەوەی مایەی بێزاریی فەیلەسوفانی ئینگلیز زمانە ئەوەیە کە لە دوکانی کتێبفرۆشەکاندا کتێبەکانی تۆو شێتەکانی تری پاریس بەشێکی زۆری داگیرکردووە، بۆیە زۆر هەن وا دەزانن تەنها ئێوەن پاریسییەکان دەتوانن فەلسەفییانە بیربکەنەوە، لە کاتێکدا فەلسەفەی ئەنالاتیکی زۆر فەلسەفییان نووسراوەو خوێندنەوەشی خۆشترە. مردیت، بەلای منەوە ئەوە بەسە لەسەر گۆڕەکەت بنووسن دیکۆنسترکشن.

## بەیانیت باش ئەی نیوەشەو!

هۆڵەکە هەزار کورسیی تیایە، لە نێویاندا پیاوێک بە تەنیا دانیشتووە، لەژێر بارانی مۆسیقایەکی دڵگیردا چاوەڕێ دەکات فیلمەکە دەستپێبکات. پیاوەکە کتێبێک دەخوێنێتەوە، من لە دوورەوە دەیبینم، بەرگی شینە، دواین ڕۆمانی میلان کۆندێرایە. کۆندێرا چەند ساڵێ پێش ئەوەی من بێمە دونیاوە پراگی بەجێهێشت لە پاریس نیشتەوە، لەو ڕۆژەوە هەردەم لە خۆی دەپرسێ پراگ یان پاریس، کافکا یان پرۆست. ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمایە. من لەگەڵ کچێکی پۆڵۆنیدا ئیش دەکەم، لە کراکۆف ئەدەب و سینەمای خوێندووە، لەش و لارێکی کەتەی هەیەو بەردەوام قسەدەکات.

فیلمەکە کە پیاوەکە چاوەڕێ دەکات دەستپێبکات، فیلمێکی ئیتالییە، من یادەوەرییەکی زۆرم هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ فیلمە سادەکەی دیسیکا، پاسکیل دز. فیلمەکەی ئەمڕۆ ناوی؛ بەیانیت باش ئەی نیوەشەو، دێڕە شیعرێکی ژنە خەمبارە ئەمریکییەکەیە کە ناوی، ئیمیلی دیکنسنە. فیلمەکە دەربارەی بەبارمتەگرتنی مۆرۆیە، سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا لە کۆتایی حەفتاکان لەلایەن لیوای سوورەکانەوە، ڕێد بریگەید. من بەدەستی خۆم نییە نێگرێم بیردەکەوێتەوە، ساڵانی غوربەتی و دەقە جوانەکانی دەربارەی خۆشەویستی و هەژاری و شۆڕش. نێگرێ بیرمەندی لیوای سوورەکان بوو. هەروەها لاپۆ ڤەنینی و قژە درێژەکەی.

وەک دۆلۆز دەڵێ؛ سینەما زمانی دونیایە، هەموو ساڵێک لەم هەفتەیەدا، فیلمێکی سەیرو سەمەرە لە کونج و کەلەبەری دونیاوە دێن، بۆ ئەوەی ساتێک لە ئاگایی ئەم شارەدا بژین و شوێنێک لە یادەوەریدا بەجێبێڵن.

## من و تۆ!

من و تۆ هەین، یان هەر دوو دەنگی خوداییین؟

تۆ زۆر دووریت. من دوورتر. تۆ ژوورێکی پەنجەرە شکاوت هەیە، منیش دڵێک وەک دیواری بەندیخانە. تۆ سڵ دەکەیتەوە خەون ببینی، منیش ئەگەر خەونەکانم لێ داچۆڕێ دەبمە بیابانێکی وشک.

تۆ چەندێک کراوەی هێندەش داخراوی، من هەر خۆمم بەدیار قاوەیەکی تاڵەوە رۆژگارەکانی تەمەنم دەسوتێنم.

شتی بچکۆلە دڵم دەهێنێتە خورپە، چەند دێڕێک لە یادەوەرییەکانی باسکاڵ، بیرکردنەوە لە ناوی تۆ. من بۆت دەنووسم حەزم لە ژنێکە بچکۆلە، ژیر، قسەکانی بۆنی ئەو کتێبانەی لێبێت کە کەم کەس دەیانخوێنێتەوە، شەوگاری بەدەم بیرکردنەوەوە بکوژێ لە وشەیە کە هێشتا نەهاتووە بە زاردا. تۆ هەواڵی دەریام لێ دەپرسی، نووستنی سەر شەقامە ساردەکان، ئەو دێڕانەی کە حەرامن. تۆ حەزت لە خەیاڵ نییەو من پیاوێکم لە خەیاڵ، تۆ دوورەپەرێز دەکەیت لە شەراب و منیش خەیامانە بۆی دەڕۆم. تۆ لە عەشق رادەچڵەکێی منیش لە فەرهەنگی زماندا بەدوای مانایدا دەگەڕێم. من هێندەی رۆژگارەکانی تەمەنی نەنکم چیرۆکم پێیە، تۆش رۆمانی بەسەرهاتی ئەو پیاوانەی کە بە کۆڵانە پیسەکانی شاردا رەدووت دەکەون. جارجارێ هەردووکمان بە دزییەوە بیر لە پێکەوەبوون دەکەینەوە، بەڵام هێشتا دڵنیانین؛ سەربووردەی تراژیدیایەکی ئاشکرایە یان سەدساڵ لە خۆشی.

نیوەی یەکەمی ناوی من، نیوەی یەکەمی ناوی تۆ، وەکو یەکن. دەبێ رۆژێک پێکەوە ئەو هەردوو نیوەیە بخەینە سەر سەرینێک، لە ئوتێلێکی هەرزان لە شاری لشبونە، هەتا بە چرپە چرپ شیعرێکی تەڕو ناسکی فیرناندۆ پێسەوات بۆ بخوێنمەوە، لە کۆتاییدا پێت بڵێم دێی لەگەڵمدا بۆ سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا تا شووم پێبکەی؟ تۆ دەڵێی نەء!.

## پاسی ژمارە حەوت

ژنێک ناوی لیزایە، هەرگیز لە ژوان دواناکەوێ. لە ئێوارە ساردەکانی زستاندا لە ویستگە چۆڵەکەدا، پێکەوە قاوەی گەرم دەخۆینەوە و چاوەڕوانی پاسی ژمارە حەوت دەکەین. هەردەم ئێواران شەقامەکە وەک دڵم چۆڵە. لە چاوەڕوانیدا قسەدەکەین؛ قسەدەکەین و وشەکان لە دەمماندا دەبن بە هەڵم. ئەو هەردەم باسی رۆمانەکانی مارگرێت ئەنتوودمم بۆ دەکات، من هەر ئەوەندە ئەزانم ئەو دەربارەی ئەو خانمانە دەنووسێ کە بە فەرەنسی پێیان دەڵێن لە فامێ فەتال یانی ژنی سەربەگۆبەن.

لیزا، قژێکی هەیە وەک رۆژانی غوربەت، رەش و ئاڵسکاو و درێژ. روومەتیشی لەو پەیکەرە دەگمەنانە دەچێ جارجارێک پیکاسۆ بۆ بەسەربردنی بێزاری دروستیدەکردن. ئەو حەزدەکات؛ بە رووتی گوێ لە مۆتزارت بگرێ، بەتایبەتی سیمفۆنیای تەنیا شەوێکی بچکۆلە (ئاینە کلاینە ناخت)، لە باوەشمدا کتێب بخوێنێتەوە، تا درەنگێک بە دیار فیلمە ئیتالییەکانی فلینییەوە دانیشێت.

کە شەقامەکە بێدەنگ دەبێت، بە هێمنی بە گوێمدا دەچرپێنێ؛ دەربارەی ماڵەوەتان شتم پێبڵێ؟ ماڵمان لە قەراخی رووبارێکە لە بەرد، لە مەملەکەتێک لە هیچ کتێبێکدا دەربارەی نەنووسراوە. ئەی دایکت؟ ژنێکە رەشپۆش، لە خەونی ئایەتوڵاکان دەترسێ و بە تەنیا رۆژگارەکانی دووریی من دەژمێرێت. براکانت؟ دایکم جارجارێک منیان دەخاتەوە یاد، من لای ئەوان گورگی بیرچوونەوە خواردوومی و یوسفێکم باوکیشم خۆشی ناوێم. ئەی باوکت؟ من هیچ ناڵێم، کە چاوەکانی داوای وەڵامم لێدەکەن، دەڵێم پیاوێکە هیچی دەربارە نازانم. کە پاسەکە دێت، لیزا داوام لێدەکات لەگەڵیدا بڕۆم، من دەڵێم نا. حەزدەکەم بگەڕێمەوە کونجە بچکۆلانەکەی خۆم، بە تەنیا خەونێک ببینم. کە پاسەکە دەڕوات؛ من و تەنیایی و سەرما بەرەو ماڵ دێینەوە.

## سەربووردەی پیاوێکی تەنیا

یەکشەممان ماڵەکەمان پڕ دەبێ لە بێدەنگی. کە بەئاگادێم گوێم لە دەنگی زەنگی زەنگی کلێساکانە. کلێساکان لە هەموو شوێنێکن! من هەردەم رقم لە دەنگی زەنگی کلێسایە. دەبێت ئەو زەنگانە بۆ کێ لێبدەن؟ من لە خۆم دەپرسم. پاشان گۆرەوییە خورییەکانم لەپێ دەکەم. تەنها سێ جووت گۆرەویی خوریم هەیە، یەکیان لە رەنگی خۆڵ، یەکێکی تریان لە رەنگی بێوەژن، ئەوی تریان لە رەنگی تەنیایی.

ئینجا بە ئاوی شلەتێن خۆم دەشۆم. لەگەڵ ئاودا یادگارییەکی زۆرم هەیە. لەسەر پشتی کەشتیی گەورە، گەورەتر لە خەیاڵ، بە ئیجە و ئەدریاتیک و دەریای سپی و بەلتیک و دەریای باکوور و زەریای ئەتڵەسیدا سەفەرم کردووە.

پاش قاوەتی، وەک هەمیشە دەچم شیرێک و رۆژنامەیەک دەکڕم. یەکشەممان شەقامەکانیش پڕن لە بێدەنگی. ماڵی ئێمە لە گەڕەکی جولەکەکانە. لە پردی لەرزانە دەپەڕمەوە و لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم. شەقامەکان بۆنی حەشیشەو شەهوەتیان لێدێ. هەموو شوێنێک پڕە لە ئاخزە جگەرەو کۆندۆم. لە پایزدا گەڵاکانیش دادەبارێن، من زۆر حەزم لە گەڵاکانە کە دەوەرێن، داری رووت تابلۆیەکی ئەبستراکتە، رێم دەدا ئازادانە خەیاڵی پێوەبکەم. پاش پردەکە خوێندنگەی مۆسیقاکە دێت. هەموو جارێک کە بەوێدا تێدەپەڕم دەنگی پیانۆیەک بە کزی دێت. بۆگارد و فیلمەکەی کازابلانکام بیردەکەوێتەوە. ئای خوایە عەشق چەند سەختە. رۆژانێک نەفامانە دڵم دایە دەست گەورە کچێکی بچکۆلە. ساڵێک بەدیارییەوە دانیشتم، تەنها جارێکیش لە دەرگای نەدا.

کە رۆژنامە دەکڕم ژنێکی پۆڵۆنی بەدەممەوە پێدەکەنێ، پێکەنینێکی ساختە. ئێمە لە رۆژگارێکدا دەژین هەموو شتێک تیای ساختەیە. تەنانەت ساختە لە حەقیقەت بەرێزترە. لە کتێبی ناوەرۆکی مەسیحییەتدا فیورباخ هاوکێشەیەکی سەیرمان پێشکەش دەکات. پیرۆزی پیرۆزتر دەبێ تا لە حەقیقەتەوە دوورتربێت. بەڵام من لە بری فیورباخ بیر لە کریستینا یونگمان دەکەمەوە، ئەو مەکربازەی لەگەڵ ماچدا باسی کراکۆفی بۆ دەکردم، سەرکێشییەکانی رۆژانی هەرزەیی. کە دەگەڕێمەوە ماڵەکەمان بۆنی شێی لێدێ. نامەی بەر پەنجەرەکە دەبینم، وشە بە وشەیم بیردەکەوێتەوە: (وردیلەکەم، حەزدەکەم زۆر بێبەزەییانە وەک جەلادێک دڵم بشکێنی! وەهام لێبکەی بڕۆم لە پشت کلێسا هێمنەکەوە لەسەر گیاکورتەکە بۆخۆم بە تەنیا دانیشم و لە ئاسمان بنوارم. حەز دەکەم هەستبکەم کە دوای تۆ ژیان بێمانایە، بڕیار بدەم نەڕۆم بۆ وانەکانی فەلسەفە.

کە دڵم بشکێ دەگەڕێمەوە ماڵەوە، لەبەر پەنجەرەکەدا بە تەنیا گۆرانی دەڵێم، جار لە دوای جار شیعرە پڕ لە خەمەکانی فێرناندۆ بێسەوا دەخوێنمەوە؛ ئەو پیاوەی کە جگە لە سێبەرو وشەو خەیاڵ هیچ هاوڕێیەکی تری نەبوو.

دڵم بشکێنە ئەی ژنە بچکۆلەکە. بەیانیانێک زوو وەک سەرباز لە شەڕێکی دەستەویەخەدا خەنجەرەکەت بێنە و دڵم بێبەزەییانە لەتکە. کە دڵم ئەشکێ ئەگەڕێمەوە بۆ مەعریفە، بۆ تەنیاییەکەی کانت و غەریبییەکەی سپینۆزا و پەراوێزە پڕ لە ئازارەکانی فۆکۆ و کۆچناسییەکی دۆلۆز).

ئیتر لە بێدەنگیدا رۆژنامە دەخوێنمەوە.